Komala Party – Iranian Kurdistan
Germany Committee

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
ڕێکخراوی ئالمان

# دیداری پارتی ئازادیی کوردستان و ڕێکخراوی کومەڵە لەئالمان

ئێوارەی ڕۆژی ١٩ی ژانویەی ٢٠٠٨ هەیئەتێکی پارتی ئازادی کوردستان بریتی لە بەڕێزان: ئەفشار ئەقدەسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسی نوێنەرایەتی PAK لە ئورووپا و بیژەن زیبایی بەرپرسی کۆمیتەی ئالمان بۆ چاوپێکەوتنێکی دۆستانە لەگەڵ بەرپرسانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە ئاڵمان دیداریان کرد. لەلایەن کۆمەڵەوە هاورێیان حەمەی میسری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، حەمەی عەزیزی بەرپرسی پێوەندیی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی یەکان داودی ئێرانیان نوێنەری کۆمەڵە لەڕێکخراوی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لەم دیدارەدا بەشداریان کرد.

لەو چاوپێکەوتنەدا وێرای بیروڕا گۆڕینەوە نوێنەران لەبارەی باباتە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، قامک خرایە سەر پێویستیی دانانی کۆمیتەیەکی ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرراڵ بۆ ڕێکخستنی ئەرک و کارەکانی ئەم کۆنگرەیە لە ئاڵمان. دیدارەکە نزیک بە دوو سەعاتی خایاند و لە کەش و هەوایەکی دۆستانەدا دوایی هات.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**کۆمیتەی ئالمان**

**٢٥-٠١-٢٠٠٨**